# چی دی

سازگار عەدنان ـ کفری

له مەنفاکانی ڕۆحمەوە
له زیندانیەکانی هەستمەوە
نەرم.....نەرم
چاوەڕوانی خەمی نوێ و نوێتر دەکەم
ئاخر من واڕاهاتووم
ئەشکەکانم مافی ڕشتنیان بۆ
خۆشی وخۆشەویستی نەبوو
چاوەکانم مافی بینینی
بەهارو هەناسەی کیژەکانی ناو
بەهاریان نەبوو
تەمەنم........
تەمەنم له پای سێدارەو
بەندیخانەکانی نەریتدا
بەڵی نەریتدا!!!!!
خنکان

له ئەو دیو هەموو جوانیەکانی
سروشتدا کە پڕە لە دەنگی جوان
هەر لە بەر نەریتەکان
تەنها ڕەنگی ڕەش وهەندێ جار
ڕەنگی سپی
دەبینم
بۆ خۆی هەر دوێنێ بوو
فریشتەکان
لە ئاهەنگی پڕسۆزی
دایکەڕشپۆشەکەمدا
پێکی خۆشەویستی من وتۆیان
ئەنۆشی
دایکیشم سەرقاڵی بەخشینی شیرینی
بوو
بۆ ئەم مژدە خۆشە و
تنۆك..تنۆك

ڕۆندەکانی دادەچۆڕاندە
سەر سینە پڕ حەسرەتەکەمدا
پا پا دەیوت
ڕۆڵە گیان چی دی!!!!
لە هەنسکی گریانی پڕ حەسرەت و
غەمەکان بە یەکجاریرزکارت بوو
بەلاَم.......دایکم بێ ئاگا
لە نەریت
لە کۆمەڵگا
نەیدەزانی سەمفۆنیای ئەم عەشقەم
وەکو عەشقەکانی تری
ئەم مەملەکەتە تەمەنی کورتەو
هەرزوو دەمرێ
نەمدەویست باڵە ناسکەکانی دایکم
کە لە باڵی
دوو پەپولە دەچوون بە ئازاری زامە
سەختەکانم
زیاتر بسوتێنم
بۆیە پێم وت
دایە گیان
چی دی بە دوای خەونە
وەنەوشەیەکانی
کیژانی ئەم مەملەکەتەدا

وێڵ مەبن
مەگەڕێن بە دوای لێکدانەوەیاندا
وەرن و
لە گەل پێخەفی خەمەکان
لە سوچێکی ماڵی ڕۆحماندا
وەکوجگەر گۆشە
بە پەنهانی هەڵتان ئەگرین
لەمە زیاتر
جلە ڕەشەکانتان
بە ئەشکەکانتان مەشۆنەوە
چونکە
ئەوە ڕەشێنی ڕۆژگارەو
نەریتی کۆمەڵگای ئەم مەملەکەتەیان
پێوە نەخشاوە
بەو ئەشکانە پاك نابنەوە
منیش ناگریم
چی دی بۆ نەمانی دەنگی سووری
گوڵە باخ
لە بەهارداو
بۆ سەفەری حەقیقەت
شین ناگێڕم
ئەمجارەیان پرسیار لە هیچ
ڕێبوارێکی نامۆو

نامۆیەکی ڕێبوار ناکەم و
بە تەمای مەملەکەتێك نیم لە
داغستان
با تەنها خەمەکانم ئاوێتەی ڕۆحم بن
و
با داغستان خۆی ئاوێزانی
مەملەکەتی خەمەکانم بێت و
پەندیان لێ وەربگرێ
ئەوجا منیش چاولێك دەنێم و
بە تەمای کردنەوەیم لە
مەملەکەتێکدا
کە نەریت نەبێتە مێردەزمەی
هەموو یاساو ڕێساکانی
ڕەنگەگانی تێدا ئازاد بن
خۆشەویستی کردن تیایدا
لەم مەملەکەتی پڕ نەریتەدا
سپێدەیەکی ڕۆشن بە نوری
چاوەکانی خۆشەویستیم بۆ
بنەخشێنن
کەسیش نەڵێ بۆ کوێ دەڕۆن
چونکە ئێمە
دوو عاشق و
دوو غەریبین .... لێرە

## هەڵبەستێك بەبۆنەی گیان لەدەست دانی مەرزیەی فەریقی هونەرمەند و شۆڕشگێڕی کورد

عەلی ئاشناگەر

داسی مەرگ
پەیتا پەیتا
خەرمانی ژییان
ئەدروێتەوە !
نە یەك ، نە دوو
هەزار هەزار !
هەرگیز ناوەستێ
هەتا بۆیەك جار!
دروێنەوان
ماندوبێ !
پشوونادا !
چاوناگێڕێ !
لاو ، پیر ، مناڵ
خراپ ، چاك
داسی مەرگ
پەیتا پەیتا
خەرمانی ژییان ئە
درویتەوە
نازانێ
مەرگی وایە
بورکانی لە دوایە !

## هێشویەک لەپەیڤ

بەکرئاڵەیی / ڕانیە

((جەنگ )) لەجەنگی ڕامانی
گووڵ و دەشتدا
هەناسەوگەڵاکانی گوڵ وشك بوون
دەست زاڵمانە
ڕەنگەکانی ڕەش کردنەوە
بۆنەکانی خاش کردن
ڕەگەکانی تاهەتایە دل کردن ...!!
((چاو و خۆر))
دایەلۆکی سرك ترین ئاسك و
تروسکەی نیگاکانی هەتاوە
هەتاو لەچاویدا
ماڵێکی ئاوەدانی پەنادا
چاو
لە ئاوێتەی ماچەکانی بروسکەدا
قسەکانی بوون بەست بوون.
((مرۆڤ و گۆشت))
وانەکانی مرۆڤ
بێ پەروان
گۆشت بێ گوناح دادەپاچن
مرۆڤ
بێ ئیحساسە
هەموو شتەکانی سروشت دەکاتە
پێچ خۆی
جیالە ویژدان
هەموو سیفاتەکانی دڕندەی
تێدایە
کێ لە مرۆڤ ئاقڵ ترە
زەوی
کێ لە مرۆڤ دڕندەترە ئەقڵ
کێ لە مرۆڤ نەوسن ترە
زەوی
خاك وەك مرۆڤ حەزی لە
کوشتنی ئیحساسە

حەزی لە سوژدەی شۆڕەبی یەکانە
زەوی بەیەکسانی ئێسقانە کانی
یشمان دەخۆات ...؟
(( خەونی گەڵا))
گەڵا ویستی ببێ گۆرانی ڕەنگەکان
ویستی سەفەری چاوەکان
بەرێتەوە بۆ بەهەشت
گەڵا خەونی ڕەنگەکانی خستبووە
ناو یاداشتەوە
ویستی پەڕینەوەی نیگایەك
بکات بەناونیشانی شیعرێك.
(( ئاسمان))
هەموو ئەستێرەکان
شەوانە گۆرانی دەڵێن بۆ ڕوح
کەچی
نەهەناسەکانی زەوی و
نەڕووحە بزۆزەکانی زەوی
چلێ زەیتوون نابەخشنە
ئاسمان...
(( بەفر))
هەر لەو ڕەنگە دەچێ
تا ئێستا ماچێکی نەکردووە لە
ئاگر
ساتێکیش نەماوەتەوەلای ئاو
لەو تروسکەیە دەچێ
لە شەرمان گاڤێکی نەناوە بۆ ژوان
بەفر پێکەنینێکی ساردو سڕە
لەسەر مژۆڵی کچێك دەبێت بە
ئاو
(( باران))
هەژمەتی هەناسەکانی پاییزە
ڕێگای غەریبی گرتووە
ڕۆحی گەریلایەکی کچە
گەڵا لە باوەشی خەوتووە.
(( عەشق))
لاربوونەوەی زەمەنێك

هەناوەکانی پڕ کرد لە گوڵ
نا خێکی سرك و یاخیە.
(( سێو))
لە ژێر باڵی پەرەسیلکەیەك
چاوەکانی هەڵێناوە
تولفەیەکە لە چێژی ماچ
سروتێکە لەڕوح جێ ماوە.
(( کلتور))
سێبەرێکە بە هێزتر
لە ڕوانینی چاوشێتەکانی کوشتن
زمانی لە چاخەکانی بەردین
دەچێ
پیریەتی لەپەیڤی داخراو ...
((زەمەن))
سروتێکە لە فانتازییای
ڕوومەتەگریاوەکانی سروشت
برینیکە
لە چاوە جێ ماوەکانی یادەوەری
ئەو ساتەیە
کە جێ دەمێنێ لە عیشق .
((سرود))
ووڵاتێکی زام ئامێزە
تەژیە لەڕۆحی بڵند بڵند!!
بەستەیەکی زمان ئاسمان و
سرودێکە لەسرود..
((نیشتمان))
خەون و ئاخێکی خودابوو
زەغرەفەتی نیشتمانی کێشا
ئایدیاتی شاعیرێکی شێت بوو
یاخی بوونی دایە ڕەنجدەران
سورشتی بەخشی یە نیشتمان..
((گەڵا))
سروودی ڕەزو
مەستی خەمەکانی ڕەنگ و
ئاوازی حەزینی باخچەیە.

## چاوەڕێیەکی درێژخایەن

ئیبراهیم خدر مستەفا ـ رانیە

زۆر چاوەڕێم کردی .....ئازیزم
بێدەنگی و بێبەڵێنی کۆتایی بێ
زۆر چاوەڕێم کردی....
ڕۆژێك بێ پێکەنین و خۆشی و یەکتردواندن..
هەردوکمان بگەشێنێتەوە
زۆر چاوەڕێ بووم گریان و فرمێسك بە جێم بێڵن
چاوەڕێ بووم دوودڵی وبێئومێدی لە ناو دڵمدا
وەکو هەور بڕەوێتەوە
نازدارم ئەگەرچی لە سایەی عەشقی تۆدا زۆرم بە
سەرهات
زۆر سەرێشەی خەمی دڵشکان و
خەمی ناحەزانم تووش هات
چاوەڕێ بووم خۆشەویستیت ببێ بە ماڵی
هاوسەری
دوارۆژێکی پرشنگداری پێوە بێ
نەمزانی ئەو هەموو عەشقە پاك و بێگەردە
ئەو هەموو سۆز و سوتانە..هەموو ئەو فرمێسك و
گریانە
دەبێتە شیعر و هۆنراوە ولە سەر کاغەز
خەمەکانی پێ بهۆنمەوە
خۆزگە لە سەرەتای خۆشەویستیتدا
لە یەکەم نیگای عەشقتدا
ئەمردم نەك وام دیبایە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com